

## پەرێز محەمەد
## یاریزانی فوتساڵی یانەی ئەفرۆدیت

تیپی فوتساڵی یانەی ئەفرۆدیتی شاری سلێمانی یەکێك لەو تیپانەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە لە خولەکانی کوردستان کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، تیپی کچانی یانەکەش خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش پەرێز مەحمەدە، ناوبراو لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان و خولی یانەکانی شاری سلێمانی ئاستی وەکو پێویست بووە، ناوبراو پێشتر لەهەریەك لە یانەکانی سیروانی نوێ و ئەفرۆدیت یاری کردووە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

# دواکەوتنی خولی فوتساڵ کە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئاستی ئەم یارییە



***چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی ئەفرۆدیت کرد؟**

- مـــن خۆم خولیـــای زۆرم هەبوو بۆ وەرزشـــی تۆپی پێی بچووك، لە پەیمانگای وەرزشـــییەوە مامۆســـتایەکی خۆشەویســـتم منی هەڵبژارد بۆ تیپی فوتســـاڵی یانەی ئافرۆدیت.

*** جگـــە لەئەفرۆدیت هیچ یانەیەك داوای یاری کردنی لێ نەکردووی؟**

-تاکو ئێســـتا هیـــچ یانەیەك بەفەرمـــی داوای یاری کردنی لێ نەکردووم، بۆیە منیش لەئێستادا بیرم لە هیچ نەکردۆتەوە جگە لە یانەی ئەفرۆدیت نەبێت، حەز دەکەم زیاتر لە خزمەتی ئەو یانەیە بم.

*** بە شێوەیەکی گشـــتی لە ئێستادا ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی؟**

-بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە بەســـەر هەرێمی کوردســـتان هاتووە رۆژ بە رۆژ رەوشی وەرزش رووی لە لاواز بوون کردووە،ئاســـتی یاریی فوتســـاڵیش بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

***خێزانەکەتـــان هاوکاریتان دەکەن وەکو پێویســـت بۆ بەردەوامبوون لە وەرزشکردن ؟**

-بەدڵنیایەوە هاوکاریمان دەکەن و هانمان دەدەن ئەوان هۆکاری ســـەرەکی ئێمەن بۆ بەردەوامبوون لە وەرزش کردن.

*** تۆ قوتابی پەیمانگای وەرزشـــی جگە لە فوتساڵ چ یارییەکی تر ئەنجام دەدەی؟**

-هەموو جۆرە وەرزشێك ئەنجام دەدەم، بەڵام لە یاریی فوتساڵ زیاترە سەرکەوتووم.

***گرفتی ئێوە لە یاریی فوتساڵ لە چی دەبینی؟**

-دواکەوتنی خولی فوتســـاڵ کە کاریگەریی زۆری هەیە لەســـەر ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەتایبەت لە ئاســـتی کچان،نەبوونی یاریگا و گرنگیی نەدانی بەرپرسانی وەرزشی بەم یارییە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چیە؟**

- بەهیـــوای ئـــەوەم لەم یارییە ئاســـتم زۆر بەرز بێتەوە، دامەزراندنی هەڵبژاردەی فوتســـاڵی کوردستانیش هیوای منە.

***وەکو کچـــە یاریزانێکی کورد لە ریـــزی هەڵبژاردەی عێراقی داواکراوی؟**

- نەخێر تاوەکو ئێســـتا وەرنەگیـــراوم، بەڵام هەوڵدەدەم بە پێشکەش کردنی ئاستی بەرز ئەم هیوایەم بەدی بهێنم.

*** لە جیهان بە چ یاریزانێکی تۆپی پێی سەرســـامی و حەز دەکەی هاوشێوەی ئەو یاری بکەی لە یاریگاکان؟**

- لە منداڵیەوە حەز دەکەم بگەمە ئاســـتی دیڤید بێکهام زۆر سەرسامم بە ئاستی یاری کردنی ئەو یاریزانە.

*** حـــەز دەکـــەی بگەی بـــە ئاســـتی چ یاریزانێکی جیهانی؟**

- حەز دەکەم ئاســـتم وەکو یاریزانی ئەرجەنتینی لیۆنێل میسی لێ بێت.

*** حەز دەکەی هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ ؟**

- بەڵێ بەدڵنیایەوە زۆر حەز دەکەم هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ منیش یەکێك بم لە یاریزانانی ئەم هەڵبژاردەیە.

*** داواکاریت بۆ لایەنی بەرپرس؟**

- بەهیوای ئەوەم بەرپرسانی وەرزشی زیاتر بێنە نێو بواری وەرزشـــی و خزمەتی بەرچاوتر بە وەرزشی ئافرەتان بکەن، چونکە لەرێگەی وەرزشەوە دەتوانین ئامانجەکانمان بپێکین و ناوی وڵاتەکەمان بەرز بکەینەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایی؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی بەهیـــوای ئەوەم بەردەوامبن لـــەم خزمەت کردنە بە بواری وەرزشی لە کوردستان.

دیمانە: کارزان کانەبی



# زامەر:
# بە هیچ شێوەیەک ئامادەنین مۆلەر بفرۆشین

ماتیاس زامەر بەرێوەبەری وەرزشـــی یانەی بایرن میۆنشن رایگەیاند بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین تۆماس مۆلەر ئەستێرەی یانەکەمان بفرۆشین. کاتێك لۆیس ڤان گال ڕاهێنەری هۆلەندی یانەی مانچستەر یونایتد نەیتوانی پێدرۆ رۆدریگێز هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە بکرێت ئەوا لەئێستادا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی یانە باڤارییەکە ڕازی بکات دەســت بــەرداری تواناکانی مۆلەر بێت. میدیا وەرزشیەکانی ئینگلتەرا ئەویان ئاشکرا کردوە کە یانەی شەیتانە سورەکان ئامادەیــە بڕی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەی بایرن میۆنشـــن بۆ ئەوەی ئەوان دەست بەرداری تواناکانی ئەو هێرشبەرە ئاست بەرزە بن . زامەر لە لێدوانێکدا دەڵێت: لە ئێســـتا ڕێگە نادەین هیچ یاریزانێك لە ریزەکانمان جیا ببێتەوە، چونکە ئێســـتا یانەکەمـــان لـــە دۆخێکی هونەری باش دایە و مۆلەریش یەکێکە لە باشـــترین یاریزانانی ئێمە، بۆیە بە هیچ شێوەیە ئامادە نابین ئەو بە یانەی مانچستەر یونایتد بفرۆشین..



# پیدرۆ :
# بۆ زۆرتر یاری کردن پەیوەندییم بە چێلسیەوە کرد

پیدرۆ رۆدرێگز یاریزانی یانەی چێلسی ئینگلیزی لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا خۆشـــحاڵی خۆی نیشـــاندا بەچوونی بۆ ریزی یانەی چێڵســـی ئینگلیزی و رایگەیاند زۆر دڵخۆشم کاتێ یانە گەورەکانی ئینگلتەرا وەك مانچستەر یونایتد و مانچستەر ستی لەهەوڵی ئەنجامدانی گرێبەست بوون لەگەڵم، بەڵام چێڵسی زۆر خێراتـــر و زۆر ئەرێنی تر هاتە پێشـــوو زوو بۆنـــدی لەگەڵم ئەنجامدا و لەگفتوگۆکانی ئەرێنی تر دیاربوو. لەبەشێکی تری قسەکانیدا پیدرۆ سەبارەت بەیانەی پێشـــووی بەرشلۆنە روونیکردەوە کارگێری یانەکە ئارەزوویان هەبوو کە من لەریزی یانەکە بەردەوام بم و گفتوگۆم لەمبارەیەوە لەگەڵ زۆر لەنزیکەکانم ئەنجامدا، بەڵام ئەوەی ڕاســـتی بێت من دەمویســـت کاتێکی زیاتر یاری بکەم. هەروەها پیدرۆ رۆدرێگز ئاماژەی بۆئەوەکرد کاتێ بۆیەکەمجار درێســـی یانەی چێڵسیم پۆشی هەستێکی غەریبم هەبـــوو هەبوونی هاورێکانم لەهەڵبژاردەی ئیســـپانیا وەکـــو فابریگاس و دیگۆ کۆســـتا یارمەتیدەرێکی باشـــبوون بۆمن و لەلایەن یاریزانانی چێڵســـیەوە زۆر بەگەرمی پێشوازی کرام. لەوەڵامی پرسیاری چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ جـــۆزی مۆرینهۆی رکابەری سەرسەختی یانەی بەرشلۆنە ناوبـــراو وتـــی مۆرینهۆ زۆر قســـەی لەگەڵم کرد و بەردەوامبـــوو لەگـــەڵ کارگێری یانەی بەرشـــلۆنە تا گەیشـــتنە رێکەوتن، من دەزانم ئەو چۆنە و بڕوای بەمـــن هێنا کە بێمە ریزی شین پۆشەکانی لەندەنی.



# لەدوای پیدرۆ مۆرینهۆ چاوی لەسەر ڤارانە

جۆزێ مۆرینهـــۆی پورتوگالی و ڕاهێنەری یانەی چێڵســـی ئینگلیزی بەهێزەوە کۆشـــش دەکات لەپێناو ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی فەرەنسی یانەی ریال مەدرید رافاییل ڤاران بەهەمان شـــێوەی پیدرۆ رۆدریگزی یاریزانی بەرشلۆنە بەر لەتەواو بوونی ماوەی گواســـتنەوەی هاوینــــە. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی دەیلی ســـتاری بەریتانی ئاشـــکرایکردوە ڤاران لەگەڵ یانەی شـــاهانە هەست بەخۆش و ئاســـوودەیی ناکات لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی نوێ، بۆیە مۆرینهـــۆ ئەم دەرفەتەی بەباش زانیوە بۆ ئەوەی ڤاران بباتە یانەی شین پۆشـــەکانی لەندەن و چارەسەری بۆشـــایی هێڵی بەرگری تیپەکـــەی بکات. ئەمـــەو بەپێی ڕاپۆرتێـــك مۆرینهۆ بەنهێنی دەســـتی بەجولەو پەیوەندی کردن کردوە لەپێناو بڕوا هێنان بەو یاریزانـــە تا لەنزیکترین دەرفەت بۆنـــدی لەگەڵ مۆر بکات بەر لەتەواو بوونی بازاری گواســـتنەوەی هاوینە. شـــایەنی باســـە مۆرینهۆ بەشێوەیەکی لەناکاو بۆندی لەگەڵ پیدرۆ ئەنجامـــدا لەکاتێك هەموو لایەك لەو بڕوایەدابوون ناوبراو بچێتە ریزی یانەی مانچستەر یونایتد.

# سەرۆکی فیفا بەرگری لەخۆی و کارەکانی دەکات

ســـیب بلاتەر سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی دەســـت لەکارکێشاوە لەو بڕوایە دایە ئەوانەی رەخنەی لێدەگرن دواتر دەزانن هەڵەبوونە دەرهەق پێی و ئەو دەســـتکەوتانە هەژمار دەکەن کە لەســـەردەمی ئەو بەدی هاتووە لەدوای جێهێشـــتنی فیفا. ئەمەو لەمیانی دیدارێکی لەگەڵ تۆری هەواڵی بی بی سی بلاتەری تەمەن ٧٩ ساڵ بەرگری لەتۆماری ســـەرۆکایەتی خۆی کرد لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانەی ئاراســـتەی کرداوە لەمەر تێوەگلانی لەگەندەڵی و رایگەیاند لەزۆربەی ناوچەکانی جیهان ریزی تایبەتی لێ دەگیرێت. هەروەها سیب بلاتەر روونیکردەوە کە رووبەرووی هەڵمەتێکـــی دوژمنکارانە بووتەوە لەرێگەی میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی ئینتەرنێت، بەڵام من داواتان لێ دەکەم بەجیهان بگەڕێن لە ئاسیا و ئەفریقیا و چین بپرسن لەبارەی من و فیفاوە ئەوکات وەڵامە جیاوازەکان وەردەگرنەوە. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا سەرۆکی دەست لەکارکێشاوەی فیفا وتی : هیچ نەبێ رێزێکی تایبەتیم هەیە، چونکە من کاری زۆرم ئەنجامـــداوەو نەوەکو تەنیا خۆم، بەڵکو فیفـــا کاری زۆری ئەنجامداوەو خزمەتێکی زۆری ئەم دەزگایەم کردوە بەدرێژایی ٤٠ ساڵی رابردوو بەبێ پچران وبەبێ هەستکردن بەماندووبون. بلاتەر وتیشی خەڵك درك بەوە دەکەن ئەوەی ئەنجامم داوە لەفیفا کاری باشبووە بەتایبەت لەرووی پێشکەوتن و بەرەو پێش بردنی ئەم یاریە لەنێو لاوەکان. سەبارەت بەو کەسانەش کە ئەو دەزگایەیان خۆشناوێت یاخود منیان وەك کەسایەتیك خۆش ناوێت ئەوا دوای ماوەیەك لەدابڕانم هەست دەکەن کە هەڵە بوونە. شایەنی وتنە بۆ جاری پێنجەم لە ٢٩ ئایار جارێکی تر ســـیب بلاتەر بەســـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێو دەوڵەتی هەڵبژێردرایەوە، بەڵام تەنیا دوای چوار ڕۆژ لەهەڵبژاردنەوەی رایگەیاند دەســـت بەرداری پۆســـتەکەی دەبێت دوای ئەوەی قەیرانێکی خـــراپ وڕەش لەمێژووی ١١١ ســـاڵەی فیفا هاتە ئاراوە و لەلایەن دەســـەڵاتدارانی ئەمەریکا نۆ لەبەرپرســـانی نێـــو ئەو رێکخراوە تۆمەتبار کران بەتێـــوەگلان لەگەندەڵی وواش بریارە لە ٢٦ شوباتی داهاتوو هەڵبژاردن بۆ شوێنگرتنەوەی سیب بلاتەر ئەنجام بدرێت.








## زاخۆ
# پشت بە یاریزانانی خۆی دەبەستێ

هەر چەندە تاکو ئێستا وادەی دەستپێکردنی خولی نایابی یانەکانی کوردستان دیاری نەکراوە بەهۆی ئەو کێشە داراییەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستان گرتووە، بەڵام یانەکانی کوردستان دەستیان بە ئامادەکارییەکانی خۆیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بە بەهێزەوە بێنە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زاخۆ ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان، لە بڕی یاریزانانی بیانی و عەرەب، پشتی بە یاریزانانی شارەکەیان بەستووە. کارگێڕانی یانەی زاخۆ دەستیان بە کۆکردنەوەی یاریزانانی شارەکەیان کردووە بۆ ئەوەی ئەمساڵ بە پشتیوانیی یاریزانانی خۆیان بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش سەربەست عەلی ئەندامی دەستەی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی ڕاستی بێت لە ئێستادا یانەکانی کوردستان نازانن کاتی دەستپێکردنی وەرزی نوێ خولی یانەکانی کوردستان چ کاتێکە، بۆیە ئێمەش وەکو سەرجەم یانەکانی تر ئامادەکارییەکانی خۆمان دەستپێکردووە، بەڵام هیچ گرێبەستێکمان لەگەڵ هیچ یاریزانێکی تازە نەکردووە، تەنیا پشتمان بە یاریزانانی شارەکەی خۆمان بەستووە وەکو بەرنامەی ساڵانەی پێشوومان، هەر چەندە ئێمە ساڵانە بڕیاری ئەوەمان دابوو کە چەند یاریزانێکی پێشگەر بهێنین لەگەڵ یاریزانانی خۆمان ململانێ خولی نایابی کوردستانیان پێبکەین، هەریەك لە ڕاهێنەران (ئەمین یونس،ڕەزوان نازی) ڕۆژانە مەشقی بەردەوام بە یاریزانانی خۆمان دەکەن، بڕیاری ئەوەشمان داوە کەوا کەمپی مەشقی بکەینەوە لە یەکێك لە وڵاتانی دراوسێ، بەڵام بۆ ئەوکاتەی هەڵدەگرین کە وادەی خولی نایاب دیاری بکرێت.»

## نەورۆز خـــ

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی وەرزشی نەورۆز توانی پلەی سێیەمی ریزبەندی یانەکانی کوردستانی بەدەستبهێنێت، بۆیە لەم وەرزەش دەستەی کارگێڕیی یانەکەش متمانەی بەخشییەوە بە دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەی بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامی شایستە بەدەستبهێنن لە کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان کە تاکو ئێستا لەلایەن یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستانەوە وادەی دەستپێکردنی دیاری نەکراوە، بەڵام یانەکانی کوردستان چاویان لەوەیە یاریزانە بەتواناکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی شەڕی بەدەستهێنانی نازناوەکان بە ئەوان بکەن، یانەی نەورۆزیش لە ئێستادا خەریکی مۆرکردنی گرێبەستە لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانا بۆ خولی نایابی کوردستان، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی

# یونس شوکر گرێبەستی چەندین یانەی گەورەی ڕەت کردەوە



هەر چەندە یونس شوکر گۆڵکارە سەرسەختەکەی یانەی وەرزشی زاخۆ بوو، ئەو زۆر جار لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان بۆتە فریادڕەسی یانەکە بە تۆمارکردنی گۆڵەکانی، بەڵام ئەم وەزرە هەر چەندە یانەی زاخۆ داوای نوێ کردنەوەی گرێبەستیان لێ کردبوو، بەڵام هۆکاری خێزانی ڕێگەی نەدا ئەو بەردەوام بێت لە ریزی ئەو یانەیەی کە ماوەی چەند ساڵێکە بەرگری لە درێسەکەی دەکات و بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی گازی باکووری کەرکووك مۆرکرد. لە بارەی هۆکاری جێهێشتنی ریزی پێکهاتەی یانەی زاخۆش یونس شوکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من حەزم دەکرد بۆ چەند ساڵێکی تریش خزمەتی یانەی زاخۆ بکەم لە خولی نایابی عێراقی و کوردستان، بەڵام هۆکاری سەرەکیی جێهێشتنی یانەی زاخۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من باوکم نەخۆشە و باری تەندروستی باش نییە، بۆیە ناتوانم دوور لە خانەوادەکەم بم، ئەوە هۆکاری سەرەکیی بوو، هەرچەندە من چەندین گرێبەستم بۆ هاتبوو لە هەریەك لە یانەکانی نەفتی میسان و نەجەف و ئەمانەی بەغدا و چەندین یانەی کوردستانیش، بەڵام بۆ نزیکبوون لە خانەوادەکەم گرێبەستی یانەی گازی باکوورم مۆرکرد کە یەکێکە لە یانە پلە یەکەکان و دەستەیەکی کارگێڕیی نموونەیی هەیە، بۆیە ئەوانم پێی باشتر بوو، جگە لەوەش ڕاهێنەرێکی گەورەی وەکو عەبدوڵڵا مەحموود سەرپەرشتی تیپەکە دەکات، بەهیوای ئەوەشم لەگەڵ ئەو یانەیە لە خولی پلە یەکی عێراق بتوانین سەرکەوین بۆ خولی پلە نایابەکانی عێراق». لە بارەی هۆکاری نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ یانەی هەولێریش گوتی: «من لەگەڵ یانەی هەولێر زۆر ئاسانکاریم بۆ ئەوان کرد بۆ ئەوەی لە گەڵیان بگەمە ڕێککەوتن، کەچی ئەوان هەستی منیان شکاند و بە منیان گوت تەنیا بە مووچە وەرە یاریمان بۆ بکە، بۆیە منیش ئەو یانەیەم ڕەت کردەوە، بەهیوای ئەوەشم بتوانم ئەنجامی شایستە لەگەڵ یانە تازەکەم بەدەست بهێنم.»

## ...ۆی بەهێز دەکات

نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی ئێمە بە فەرمی گرێبەستمان لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز نوێ کردەوە، بۆیە ئێمە پلانی خۆمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەستبهێنین لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئێستاش خەریکی کۆکردنەوەی یاریزانانین بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ مۆربکەین، دەستمان بە ئامادەکارییەکانمان کردووە بۆ ئەوەی ئەمساڵیش وەکو ساڵی ڕابردوو ململانێ لەگەڵ سەرجەم یانە بەشداربووەکان بکەین و پلانی باشمان داناوە لەگەڵ ستافی ڕاهێنەران و کارگێڕانی یانەکە و متمانەی تەواومان بە خۆمان هەیە کە دەتوانین ئەنجامی باش بەدەستبهێنین، تاکە گرفتی ئێمەش ئەوەیە کە کاتی دەستپێکی یارییەکانی وەرزی نوێ دیار نییە، بەڵام لە ڕۆژانی داهاتوودا هەوڵدەدەین گرێبەست لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا مۆربکەین بۆ یانەکەمان.»